حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

Worker-communist Party of Kurdistan

ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

## چالاکیەکانی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان لەلایەن ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

**( فنلەندا، نەرویج، سویسرا، کەنەدا، دانمارک، سوید و بەریتانیا)**

**٨ی مارس، رۆژی بەرەنگاری و خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازە بە دژی نایەکسانی و ستەم و چەوساندنەوەو پلەدوویی ژنان، هێمایی ئومێدو تێکۆشان لەپێناو کۆمەڵگایەکدا کە ژنان و پیاوان لەسەرجەم مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیاندا یەکسان بن. هەنگاوێکە لە خەبات و تێکۆشانی سەرجەم جەماوەری چەوساوە لەدژی نایەکسانی و ستەم و دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکانی سیستەم و جیهانی سەرمایەداری.**

**بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی توندکردنەوەی خەباتە لەپێناو ئازادی و یەکسانیدا.ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان زنجیرەیەک چالاکی لە وڵاتەکان ئەنجام دا.**

### کەنەدا:

**ڕێپێوان و مەراسیمی ٨ی مارس ، دوو چالاکی  لە دوو ڕۆژی ٧ و ٨ ی مارس لە شاری تۆرنتۆ ئەنجامدا :**

**١/ وەک سونەتی ساڵانە لەشاری تۆرنتۆ؛ ڕێکخراوەکانی ژنان و لایەن و کەسایەتی چەپ و کۆمۆنیست و پێشکەوتوخواز ڕێپێوانی گەورە و مەراسیم ئامادەدەکەن. رۆژی ٧ی مارس  هاوڕێ یانمان بەشداریەکی چالاکانەیان تێدا کرد. بەهاوکاری لایەن و کەسایەتی پێشکەوتوخوازی عێراق و کوردستان ئێران توانیان هەواڵی تیرۆری هاوڕێ یەنار محمد بە ئامادە بووان ڕابگەیەنن لەرێگەی بەرزکردنەوەی لافیتەیەکی گەورە ڕای گشتی لێئاگادار بکەنەوە و توانیان بگەنە سەر شانۆی مەراسیمەکەو شیعاری یەنار نامرێ یان وتەوە .**

**لە بەشی ڕێپێوانەکەدا هاوڕێیان بەهەڵکردنی چەندین لافیتەو پلاکارت و ئاڵای سوورەوە کەشیعارو خواستەکانی ژنانی لەسەر نوسراو بوو، وە پێشتر لەلایەن ڕێکخراوی دەرەوە و ڕێکخستی کەنەدای حیزبەوە ئامادەکرابوون. هەروەها هاوڕێیان بەڕێگای بڵندگۆوە چەندین شیعاریان دەوتەوە وەک ( بژی ڕۆژی جیهانی ژن، ژن ژیان ئازادی، یەنار محمد نامرێ، بڕووخی سەرمایەداری، بژی سۆشیالیزم ... هتد) کە سەرنجی میدیاکاران و هەڵسوڕاوان و چالاکوانانی دانیشووی  تۆرنتۆیان بۆ خۆیان ڕاکێشا و بەشێکیان بە وێنەگرتنمان و بەشێکیان بە وتنەوەی شیعارەکانمان بەشداریان لەگەڵ کردین .**

**٢/  ئێوارەی ٨ی مارسدا کۆمیتەی هەر سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق و حیکمەتیست- خەتی ڕەسمی مەراسیمێکی ئەنجامدا هەر چەنداە بڕیار وابوو مەراسیمەکە لەدوو بەشی سیاسی و ئاهەنگ و میوزک پێکهاتبوو،  بەڵام بە هۆی تیرۆری  هاوڕێ یەنار محمدەوە گۆڕان لە بەشی دووهەمی بەرنامەکاندا کرا .**

**بەشی یەکەم میزگردێکی هەرسێ حیزب و ئەنتەرناسیۆنالی شۆڕشگێڕی کەنەدی بوو. لەم  بەشەدا هەر سێ هاوڕێ ئەحمەد موتلەق لە حیزبی حیکمەتیست-خەتی رەسمی و خاتوو زاریا لە  ئەنتەرناسیۆنالی شۆڕشگێڕی کەنەدی و هاوڕێ سەردار عەبدوڵا حەمە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و هاوڕێ عادل ئەحمەد لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەشداری میزگردەکە بوون. هەریەکەیان وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دایەوە سەبارەت بە بارودۆخ و هەلومەرجی ژنان لە ئێران و کوردستان و عێراق و کەنەدا دا  لەم هەلومەرجەی ئێستادا و بەتایبەت لەم  هەلومەرجی ئێستای فەزای جەنگ و میلیتاریزم لە ئێران و ناوچەکەدا،کە لە لایەن هەردوو پێشکەشکاری بەرنامەکە ژیلا و نیگارەوە  بە زمانی ئینگلیزی و کوردی لێیان کرا .**

**بەشێکی تری مەراسیمەکە پیشاندانی چەند ڤیدیۆو کلیپ بوو وەک پەیامی بەهار مونزیر چالاکوانی ژنان و ئەندامی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان بە بۆنەی ٨ ی مارسەوە وە بەبۆنەی تیرۆری یەنار محمەدەوە کە لە بەغدا تیرۆر کرا . بەدوایدا شیعرێکی ڕێبوار حەمەشەریف بۆ یەنار محمد بەدەنگی کاوان قادر. شیعرێک بۆ یەنار لە لایەن یەکێ لەپێشکەشکارانی بەرنامەی مەراسیمەکە بە ناوی نیگار لە نوسینی هاوڕێ ی کۆمۆنیست چیمەن قەرەداخی.**

بەشێکی تری بەرنامەکە مایکی ئازاد بوو بۆ ئامادە بووان بۆ هەر هاوڕێیەک کە یادەوەری و وتەیەکیان هەبوو لە گەڵ هاوڕێ یەنار. لەم بەشەدا ئەم کەسانە بەشداریان کرد ( سەردار عەبدوڵا حەمە ، جەلال سەعید ، تاڤگە ئیبراهیم ، شاگوڵ ).








**سوید:**

## بژی ٨ ی مارس ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی

ڕۆژی ٧ی مارس مەراسیمێک بەبۆنەی ٨ی مارس بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان، بەرز ڕاگیرا. ئەم مەراسیمە بە هاوبەشی کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و ڕێکخستنی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ڕێکخرا، سەرەتای مەراسیمەکە بە دەقەیەک بێدەنگی و ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە ژیان لەدەستانی یەنار موحەمەد و سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێگای خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی ژنان، دەستپێیکرد. پاشان هاوڕێ عبدوڵا مەحمود وتەیکی بەناوی هەردوو حیزبەوە پێشکەش کرد، وەبە دوای ئەوەدا هەریەک لە هاوڕێیان شیرین ئەحمەد بەیاننامەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان بە بۆنەی ٨ی مارس وە نازەنین ساڵح بەیاننامەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان لەسەر تیرۆرکردنی یەنار موحەمەد پێشکەش کرد. وە پاشان هەژیر نینا بە خوێندنەوەی دوو شیعری خۆی لە پەیوەند بە ٨ ی مارس بەشداری کرد.

هەروەها فلمێکی دۆکمینتاری لەسەر گۆڕی ژنانی بێناونیشان لە کوردستان کە لەلایەن گەشاو ڕەحیم هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ژنان و ئەندامی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان پێشکەش کرا، هاروەها پەیامێکی ڤیدیۆیی بەهار مونزیر بەناوی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان پێشکەش کرا.

هەروەها ڕۆژی ٨ی مارس لە شاری ستۆکهۆڵم لە دوو خۆپیشاندانی نارەزایەتی و ڕێپێوانێکی جەماوەری گەورە بۆ بەرزڕاگرتنی ٨ی مارس و خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنە ڕێکخستنی سویدی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەشداریکرد. هاوڕێ نازەنین ساڵح لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکان لە September Upproret وتەیەکی بە ناوی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان پێشکەش کرد بە زمانی سویدی. خۆپیشاندانی یەکەم کاتژمێری 12.30 لە ناوچەی Slussen بەڕێوەچوو کە لەلایەن تۆڕی ڕاپەڕینی سێپتەمبەر (September Upproret) ڕێکخرابوو، کە پێکهاتووە لە ژمارەیەک لە هەڵسوڕاو و لایەنی چەپ و سۆسیالیست لە شاری ستۆکهۆڵم. وە خۆپیشاندانی دووەم و ڕێپێوانەکە کاتژمێری 14.00 لە ناوچەی Medborgarplatsen بەڕێوەچوو کە لەلایەن پارتی چەپی سوید ڕێکخرابوو بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە لایەنی چەپ و سوسیالیست.

شایەنی باسە بێجگە لە دروشم و وتاری جۆراو جۆر بۆ پشتیوانی لە یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان وە لە دژی هەڵاواردن و توندوتیژی لەدژی ژنان، هەروەها درووشمی کەمکردنەوەی کاتی کارکردنی ڕۆژانە بۆ ٦ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا وە باشکردنی ژیان و گوزەرانی ژنانی کرێکار، وە لە لایەکی

**تریشەوە درووشم لە دژی جەنگ و میلیتاریزم و بەتایبەت لە دژی جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل لە بەرانبەر ئێران لە درووشمە سەرەکیەکانی مارشی ٨ی مارسی ئەمساڵ بوو لە سوید.**










## نەرویج:

### ٨ ی مارسی ٢٠٢٦ لە نەرویج

**دوانیوەڕۆی ٨ی مارس لە ئۆسلۆی پایتەخت، سەرباری باران و ساردی ئاووهەوا، هەزاران کەس لە گۆڕەپانی کرێکاران (یونگستورگە) بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە کۆبوونەوە و دواتر بەناو جەرگەی شاردا بە ڕێڕۆیشتن بەردەوام بوون. هاوڕێیانی ڕێکخستنی حیزب لە کۆبوونەوەکەی ٨ ی مارس بەشدار بوون بە پلاکاتەکانی حیزبەوە، لەوانە (لە دژی چەوسانەوەی ژنان، سۆشیالیزم کۆتا چارەیە، باپێکەوە هاوسەگیری منالان کە لە عێراق شەرعیەتی پێدراوە هەڵبوەشێنینەوە، پشتیوانی لە بەرەنگاربوونەوەی ژنان دژ بە کوشتن و توندوتیژیی ناموسی بکەن، نا بۆ ڕفاندنی خەباتی خەڵکی ئێران لە دژی ڕژێمی ئیسلامی). هاوکات هاوڕێیان بە دەیان نوسخە لە بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەیان بەبۆنەی ٨ ی مارسی ئەمساڵەوە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە. شایەنی وتنە دروشمەکانی حیزب مایەی پشتیوانی و دەستخۆشانەی بەشێکی بەرچاو بوو لە ئامادەبووان. هەروەها لەم بۆنەیەدا، هاوڕێیان توانییان چەند پەیوەندییەک بە لایەنی ترەوە دابمەزرێنن کە سەبارەت بە دۆخی جەنگ و دژوەستانەوەی گفتوگۆ و دیالۆگ لە ئایندەدا بکەن.**

**هاوکات لە شاری فرێدریکستادیش هاوڕێیان و دۆستان بەشداربوون لە چالاکی ٨ی مارسدا. پاش قسەوباسی هەندێک ڕێکخراوی فیمینستی، وە چەند گۆرانی و مۆسیقا لەوبارەیەوە پێشکەش کرا. پاشان لە بەردەم کتێبخانەی گشتیەوە بە ڕێپێوان بەرەو سەنتەی شار بەرێکەوتن و لەوێ کۆتاییهات. شایەنی وتنە، ئەمساڵ خەڵکێکی زیاتر لەچاو ساڵاند لە چالاکی هەشتی مارس دا بەشدار بوون.**



**دانمارک:**

**٨ی مارس ومەراسیمی رێزلینان لەهاور یەنار محەمەد**

**لە شاری کۆپنهاگ بۆ ڕێزلێنان لە هاوڕێ یەنار محەمەد  و لە یادی هەشتی مارسدا مەڕاسیمێک ئەنجامدرا، لە ڕێگەی (کۆمیتەی هەشتی مارس لە دانماک)، کە چوار ڕۆژ بەر لە هەشتی مارس، پێکهێنرا. شایەنی باسە لەو مەڕاسیمەدا هاوڕێ عوسمان ئەحمەد  وتاری ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانی پێشکەش کرد.**

**شایانی باسە ژمارەرەیەکی بەرچاو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز  لە مەراسیمەکەدائامادەبوون .**

**فنلاند:**

**مەراسیمی ٨ی مارس لە فینلاند**

**لە بەرواری ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، کۆمیتەی فینلاندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و ڕێکخراوی ژنانی عێراقی لە فینلاند، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئامادەبووان، مەراسیمی ٨ی مارسیان ڕێکخست.**
**لە مەراسیمەکەدا هەر یەک لە ئیبراهیم حسێن، بەرپرسی کۆمیتەی فینلاندی حزب و ئالا فەرەج بەرپرسی ڕێکخراوی ژنانی عێراقی وتەیان پێشکەش کرد، کە بە جیا لە گرنگی ڕۆژی ٨ی مارس وەک سمبوڵی خەباتی لە پێناو یەکسانی، هاوکات ئاماژە کرا بە جەنگی ماڵوێرانکرانە لە ئێران وەهەروەها تیرۆری هاوڕێ  یەنار محەمەد لە بەغداد، کە ئامانج لەم تاوانە دڕندانەیە بێدەنگکردنی دەنگی ژنانی ناڕازی و خەباتکارە و ە تاکیدکرا لە درێژەدان بە خەباتی یەنار  محەمەد وەک  ڕێگای دروست و کارساز.**


**شایەنی باسە لە مەراسیمەکەدا تینا ساندبێری، سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی فینلاند بە وتەیەک بەشداری کرد و ئاماژەی دا بە دۆخی نایەکسانی لە فینلانداکرد. پاشان سیروان ئەمین بە شیعرێک و هونەرمەندی سوری فەردوس الهیلال بە چەند کۆپلە گۆرانی بەشداری مەراسیمەکەیان کرد. لە کۆتاییدا دۆکومێنتاریەک لەسەر خەباتی ژن. ژیان. ئازادی! بۆ ئامادەبووان پەخشکرا و چاو و قاوە و شیرینی پێشکەشێ ئامادەبووان کرا.**
**هەر بەبۆنەی ٨ی مارسەوە  وتارێکی هاوڕێ بنار مستەفا لەسەر ٨ی مارس لە ماڵپەڕی دامەزراوەی گەشەدانی ڕۆژنامەوانی، کە تێیدا باسی لە دۆخی ژنان لە عێراق و ئێران و کوردستان کرد، لە سەپاندنی یاسای جەعفەرییەوە تا دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان، بڵاوکرایەوە. هەروەها پەیامی هاوڕێ پرشنگ محەمەدی کادری حیزب لەتوڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بۆنەی ٨ی مارسەوە بڵاوکرایەوە.**













**سویسرا:**

## مەراسیمێک بەبۆنەی ٨ی مارس لە سویسرا رێکخرا

**رۆژی ٢٠٢٦/٣/١٤ لە شاری زوریخ- سویسرا ریکخستنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان مەراسیمێکی بەبۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنانەوە رێکخست.**

**سەرەتایی بەرنامەکە بە دەقەیەک بێدەنگی و راوەستان بۆگیان بەختکردوانی رێگای یەکسانی دەستپێکرد. پاشان بەیاننامەی رێکخراوی سەربەخۆی ژنان لەلایەن هاورێ نیگارەوەپێشکەشکرا. بەدوای ئەوەدا پەیامی هاورێ بەهار مونزیر ئەندامی بۆردی رێکخراوی ژنان نیشاندرا کەداوای هاوکاری و بەشداری لە رێکخراوی ژنانی سەربەخۆی ژنان کرد.**

**پاشان هاورێ دڵشاد مجید بەرپرسی رێکخستنی سویسرای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وتەیەکی بەم بۆنەیەوە پێشکەشکردو لە وتەکەیدا ئاماژەیکرد بە ٨ی مارس و داکۆکی کۆمۆنیزم لەبزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و یاسای جەعفەری و کوشتنی ژنان و پاشان لە سەر تیرۆری هاورێ یەنار محەمەد وەک خەسارەتێک لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان..بەدوا ئەوەدا هاورێ جەمال کۆشش لە رێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی باسێکی لەسەر دەورونەخشی هاورێ یەنار محەمەد پێشکەشکرد..و بەدوا ئەوەدا بەیانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان پێشکەشکرا. بەم شێوەیە بەشی یەکەمی بەرنامەکە لەنێو شۆرو شەوقی بەشدار بویان کۆتایی هات. برگەی دووەمی بەرنامەکە تەرخانکرا بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی لەدەوری یەکتر ، دریژەی کێشا تا کاتژمیر ٨ی شەو.**







**بەریتانیا:**

## مەراسیمێک  بەبۆنەی ٨ی مارس لە لەندەن سازدرا

**ئێوارەی ٨ی مارس لە لەندەن بەبۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان مەراسیمێک لەلایەن رریکخستنی حیزب و فیدراسیۆنی پەنابەران ڕیکخرا.**

**سەرەتایی مەراسیمەکە بەیان ئەمین سەرباری پیرۆزبای ٨ی مارس لەهەموو یەکسانیخوازان و لایەنگرانی ماف و ئازادیەکانی ژنان پیرۆز کرد، پاشان بەرنامەی مەراسیمەکەی پیشکەشکرد کە رایگەیاند"مەراسیمی ئەمڕۆ بریتی دەبێت لە دوو بەش:**

**بەشی یەکەم بەرنامەیەکی سیاسیە کە دەربارەی ٨ی مارس و دۆخی ژنان و خەباتی ژنان بۆ یەکسانی و ئازادی بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی ژنان لە کوردستان تەرخان دەکرێ و وتاری سیاسی پێشکەش دەکرێ. وەبەشی دووەم؛ بڕیاربوو کە تەرخانی بکەین بۆ ئاهەنگ و شادی بەبۆنەی ئەم یادەوە.. بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کە لە چەند رۆژی ڕابردوودا یەکێک لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، هاوڕێ  یەنار محەمەد، سەرۆکی رێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، تیرۆرکرا، هەروەها هەلومەرجێکی جەنگ و کوشتارو نا ئەمنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا بەهۆی جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆسەر ئێران، بڕگەی ئاهەنگەکە ئەنجام نادرێ. لەجیاتی ئەوە بە مۆسیقایەکی هێمن و دانیشتن لە دەوری یەکتر و پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە یادی ٨ی مارس پیرۆز دەکەین.**

**پاشان نوری بەشیر، وتەیەکی پێشکەش کرد لەسەر ئەوەی لە چ هەلومەرجێکدا یادی ٨ی مارسی ئەمساڵ دەکەینەوە.**

**پاشان دەشتی جەمال، وتەیەکی سەبارەت بە تیرۆری هاوڕێ یەنار محەمەد پێشکەشکرد. بەدوا ئەوەدا پەیامی هاوڕێ بەهار مونزر ئەندامی بۆردی رێکخراوی سەربەخۆی ژنان بە سلاید بۆ ئامادەبوان پیشکەشکرا.**

**پاشان بەشی دووەمی بەرنامەکە، تەخانکرا بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و هاوڕێیانەو دۆستانە پێکەوە.. لەگەڵ پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە....**

*Email:* lead.committe.abr.org@gmail.com *Tel:* 00447720291516 004747276028 0015198411816
*Website:* www.hkkurdistan.org